## فازل میرانی:

# نەوەی نوێ بە کتێبی «البارزاني والحركة التحررية الكردية» سەرسام دەبێت

پوختەی ئەم باسە کۆڕێکی بنکەی کاوەی رۆشنبیرییە، کە پێش هەفتەیەک وەک زنجیرە سیمینارێک بۆ خوێندنەوەی کتێبی **البارزاني و الحركة التحررية الكردية** پێشکەش کرا.

بەر لەوەی ئاماژە بۆ باسکردنی کتێبی البارزاني والحركة التحررية الكردية بکەم پێم باشە ئاماژە بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆڕانە بکەم کە بنکەی کاوەی رۆشنبیری بۆ ئەم مەبەستە رێکی خستبوو، بەڕای من بەرهەمێکی وا گەورە لە نووسینی مرۆڤێکی وا خەباتگێر بە کۆڕێک و دوو سێ هەڵسەنگاندنەکەی تەواو نابێت، چونکە هیچ شتێک کەمال نییە، کەمالی تەنها بۆ خوایە. لە پێشەکی باسەکەشمدا سوپاسێکی بێ پایان لەسەر ئەم بەخششە، چونکە ئەم بەرهەمە بەخششێکی گەورەیە، دەچێتە پاڵ بەخشش و بەرهەمەکانی تری سەرۆک بارزانی لە رووی بیری رزگاریخوازو شۆڕشەوە، چ وەک بەشداری خۆی لەنێو شۆڕش یانیش لە رێگەی هزری نەتەوایەتی.

من دڵنیام کە زۆربەی زۆری خوێنەرانی ئەم کتێبە نازانن سەرۆک بارزانی لە چ جۆرە باروزروفێکی زاتی و بابەتی ئەم کتێبەی نووسیوە، من بەش بە حاڵی ئاگاداری خۆم دەزانم لە باروزروفێکی نالەباری بابەتی ئەم کارەی ئەنجام داوە، کە تەنانەت بۆ مرۆڤ سەختە بتوانێت نامەیەک بنووسێت... لە هەلومەرجێک هەندێک لایەنی ئەم کتێبە نووسراوە کە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک مرۆڤ نەچێتە ژێرباری هەڵچوون و سۆز، بەڵام سەرۆک بارزانی لەم ئان وساتەدا دوورلە باروزروفەکە شتەکانی نووسیوە. لایەنێکی دیکەش کە جێگەی سوپاسە لەم نووسینەدا ئەو ئەرک و ماندوو بوونەیە کە بۆ پاراستنی ئەرشیفەکە نراوەو بوو بەمایەی تەوسیق کردنی کتێبەکە، لە بواری یاساییدا هەر داواکارییەک سەرەداوێکی دەوێت لە بواری زانستیش هەر داوایەک بەڵگەیەکی دەوێت، لەبەر ئەوە پاراستنی ئەم ئەرشیفە کە خەزێنەیەکی زۆر دەوڵەمەندە، کاک محەمەد عەزیز کە لە بارەگای بارزانی بووە دەزانێت پارتی چ ئەرشیفێکی هەبووە هەر بۆیە پاراستنی ئەم ئەرشیفە کارێکی ئاسان نەبووە، بۆ مێژووش وەک پێشمەرگە و کادیرێکی شۆڕشی ئەیلوول دەڵێم لە دوای رێککەوتنی خیانەتکارییەکەی جەزائیر مرۆڤ بیری لەخۆی دەکردەوە کە چی بکات، کە ئاخۆ لەم دیو بمێنن و چارەنوسی خۆمان بدەینە دەستی قەدەر، یانیش بچینە ئەودیو لەگەڵ مەلا مستەفا بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاو بنێین، لەوساتەوەختەدا کاک مسعود خۆی بۆ پارتیزانی ئامادە دەکردو لەلایەکی دیکەش ئەم ئەرشیفەی کە هەبوو وردە وردە پاڵی پێوە دەنا بۆ هەندێک شوێن کە نەمان دەزانی لە کوێیە، لە دواییش دەرچوو بەشێکی لە کوردستانی ئێرانە و لە رێگەی جۆراوجۆر بەشێکی نێردراوە بۆ ئەوروپا و لە بانکەکان دانرابوون، یەکێک لەوانەش کە نرخی تەواو نابێت دەفتەری بروسکەکانی شۆڕشی ئەیلوولە لە یەکەمین بروسکەوە تا داخستنی جیهازەکەمان بە دەستی مستەفا ئامێدی، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥لە لەندەن لە شوێنێکی دیاریکراو کە بەکرێ گیرابوو پارێزراو بوو، لە باروزروفی ئەوسادا پاراستنی ئەم ئەرشیفە مرۆڤی خۆی دەویست.

لە ساڵی ١٩٨٣من بەرپرسی بارەگای مەکتەبی سیاسی بووم لە لولان رۆژێک سەرۆک بارزانی نامەیەکی بۆمن نارد کلیلێکی لەگەڵ دابوو، پێی گوتم لە فلان ژوور جانتای ژمارە ئەوەندە دەکەیەوە، ئەم شتەی تێدایە بە هەڵگری نامە بۆمی ڕەوانە بکە، منیش چووم ژوورەکەم کردەوە تا ئەو جانتایەم دۆزییەوە کە جەنابی ئەمری کردبوو، کەوتمە نێو کۆمەڵێک جانتای ئاسن وچەرم وەک بلێی بۆ ئەم بەڵگانە دروست کرابوون بۆم دەرکەوت کە ئەم جانتایانە هەرهەموو بەڵگەن، دوای چەند مانگێک زانیاریمان بۆ هات کە هێزەکانی عێراق نیازی هێرشێکی هەیە بۆ بارەگاکانی ئێمە، بەرێزیان بروسکەی کردو گوتی خۆتان بپارێزن و خۆت هەوڵ بدە ئەو جانتایانە نەفەوتێن، چونکە ئەمانە قەرەبوو ناکرێنەوە، ئەم ئاماژەیەشم بۆ ئەم بەرهەمەیە کە ئێستا هاتۆتە نوسین، واتە ئەگەر ئەو دیکۆمێنتانەنە بوان ئەم کتێبە بەم شێوەیە نەدەنوسرا، هەر بۆیەشە بەهۆی ئەم دیکۆمێناتانە کتێبەکە دەبێت بە تۆمارێکی راستگۆیانەی مێژوویی، هەر بۆیەشە مرۆڤێک بەم گیانە شتەکانی پاراستبێت کارەکەی جێگەی ستایشە جا ئەم مرۆڤە سەرۆک بێت یامرۆڤێکی سادەش بێت.سەبارەت بەنێوەرۆکی کتێبەکەش ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پرەنسیپی سەرەکی گفتوگۆ داننانە بەبوونی یەکترو رێزگرتنی رای بەرامبەرو قەبوڵکردنی جیاوازی و لەیەک چوون و هەروەها بەدواداچوونی خاڵەکانی هاوبەش، لەم روانگەیەش دەتوانین بایەخی ئەم کتێبە بخوێنینەوە، یەکێک لە بنەماکانی گرنگی نێو ئەم نووسینە مێژووی شۆڕشی ئەیلولی پیرۆزە، بەتایبەتیش کە نووسەر جگە لەوەی نزیک بووە لە سەرچاوەی بڕیار هەر بە خۆشی بەشداربوو لەپرۆسەی دەرکردنی بڕیار، لێرەشدا رامانێک دەکرێت سەبارەت بە پڕۆسەی نووسینەوەی مێژوو کە چۆن نووسراوە؟ کێ نووسیویەتی؟...، بێگومان لە وەڵامی ئەم لایەنەشدا دەڵێین خەڵکێک مێژووی ئێمەی نووسیوە کە لە چوارچێوەی دوژمنایەتی و رق وکینەی خۆی بووە بۆ کورد، بەڵام ئەم کتێبە لەلایەن یەکێک نووسراوە کەخۆی مێژووەکەی دروست کردووە، گرنگی ئەم کتێبەش لەوەدایە کە دوێنێ کەسێک مێژووەکەی دروست کردووە ئەمڕۆش خۆی دەینووسێتەوە، هەر بۆیەشە دەبێت تەواوی لایەنەکانی بخوێندرێتەوەو رەخنەی لێ بگیرێت، ئەوە لەبەرچاو نەگیرێت کە نووسەرەکەی کوڕی مەلا مستەفای بارزانییە و سەرۆکی ئێمەیە، بێگومان ئەوکات هیچ چێژێکی ئەوتۆی نابێت. هەر بۆیەشە هەڵسەنگاندنەکەی هیچ شتێکی ئەوتۆ زیاد ناکاتە سەر




بەرهەمەکە ئەگەر بە بابەتیانە نەخوێندرێتەوە. بە جارێک خوێندنەوە ناکرێت مرۆڤ تەواوی سەرنجەکانی لە سەر ئەم کتێبەی لا دروست بێت، هەر بۆیەشە بە چەند جارێک دەتوانین لە وردەکارییەکانی شارەزابین. من لە خوێندنەوەی خۆمدا بۆ کتێبەکەدا زیاتر بە شوێن لایەنی پۆزەتیڤ گەڕام، ئەوەی لای من گرنگیشە چۆنیەتی خوێندنەوەیەتی، چونکە مەرج نییە خوێنەرانی ئەم کتێبە بە تەواوی لەگەڵ ئاراستەی نێو کتێبەکەدا بن و بەوشێوەی من شانازی بە شۆڕشی ئەیلول بکەن، لەبەر ئەوە ناکرێت لایەنەکان هەموو ئیجابی بن.

### پۆلێن کردنی توێژی خوێنەران

دەکرێت لێرەشدا پرسیاری ئەوە بکەین کە ئەو توێژانەی ئەم کتێبە دەخوێننەوە کێن، یەک لەو نەوەیە ئەوانەن کە لە شۆڕشی ئەیلولدا ژیاون، وەک ئێمە مانان لەم شۆڕشەدا بەشداربووین و لەم قۆناغەدا ژیاوین و بەرگەی پێشهاتەکانی ئەم وێستگەیەمان گرتووە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ یانیش نێگەتیف، لەبەر ئەوە ئەم نەوەیە بۆ چوونەکانی جیاواز دەبێت، بەشێک بەهۆی ئینتیمایان هەر هەمووی بە ئیجابی لە قەڵەم دەدا، بەشێکی تریش لایەنە پۆزەتیڤەکان نیشان دەدات لەگەڵ نواندنی هەندێ تەحەفوزی خۆی، بەشێکیش بەپێی ئینتیمای سیاسی خۆی هەڵی دەسەنگێنێت چ بەپێی ئینتیمای ئەوسا یانیش بیرکردنەوەی ئێستا، زەحمەتە مرۆڤ ئێستا هەڵوێستێکی هەبێت بیست ساڵیش لەمەوپێش هەمان هەڵوێستی هەبووبێت، نەوەی دووەمیش بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە نەوەی دوای شۆرشی ئەیلولە کە پێگەیشتووە، ئەم کتێبەکەش پتر بۆ ئەوان گرنگە بە بەراورد لەگەڵ ئەو نەوەیەی لە شۆڕشی ئەیلول بوون، چونکە ئەوان چاویان بە هەلومەرجێکی جیا لە هەلومەرجی شۆڕشی ئەیلول کردۆتەوە، کە لەوانەیە ئەوان لە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی ئەوە دابوو بن کە شۆڕشی ئەیلول شۆڕشێکی کۆنەپەرستی تێک شکاو بووە یانیش شۆڕشێکی راستڕەو بووە وابەستەبووە بە دوژمن و بێگانە، بە شێوەیەک جۆش دراوە کە هیچ مویالاتێکی بە شۆڕشی ئەیلولەوە نەبێت و هەوڵی نەداوە بەم مێژووەدا بچێتەوە و بیخوێنێتەوە، ئەمەش بە حوکمی نوێ بوونەوەی لە نێو ئەم سەردەمەدا، هەر بۆیە بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە نەوەی تازە تووشی حاڵەتێک لە سەرسامی دەبن و دەڵێن:- ئەوە ئەو شۆڕشەیە کەمن نەم دەویست شتێکی لێ بزانم، بەڕای من نەوەی ئێستا پتر دەچێتە ژێر کاریگەری ئەم کتێبە نەوەک نەوەی پێشووتر، بە تایبەتیش لە دروستکردنەوەی هێزی ئینتیما لای ئەو، چ ئینتیمای نەتەوەیی یان ئینتیمای مێژوویی کە ئەویش بەشێکە لەم مێژووە. تەنانەت بە شێوەیەکی تیۆریش هەست دەکات کە ئەو بێ ئاگایە لە خەزێنەیەکی دەوڵەمەند، بە تایبەتیش بێ ئاگایی لە قەوارەی قوربانی میللەتەکەی. گروپی سێیەمیش ئەوانەی کە لە گۆشەنیگایەکی ئەکادیمییەوە سەیری کتێبەکە دەکەن، واتە بە شێوەیەکی زانستی سەیر دەکەن، نێوەرۆکەکەی دەربڕی چییە؟ ئەمانەش کە زۆر گرنگن بە پرۆڤیشنال دادەنرێن و جیاوازن لە هەردوو نەوەکەی پێشوو،پسپۆڕن لە کارەکە سەرەڕای بوونی هەموویان لە چوار چێوەی پسپۆڕیدا، بەڵام رەنگە هەمووشیان لە چوارچێوەی ئەکادیمی خوێندنەوەی دۆخەکە نەکەن، بەڵکو ئەمانیش بەپێی مەیل و ئاراستەی خۆیان بەش بەش بوون، بوونی ئاراستەی سیاسی لەلای ئەم ئەکادیمیانە کاریگەری خۆی دەبێت لە سەر هەڵسەنگاندنی ئەم کتێبە لە رووی ئەکادیمی، کە پێویستە ئەم شتە نەبێت وەک ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی لیبراڵی ئازاد هەیە، بەڵام لای ئێمە ئینتیما کاریگەری خۆی دەبێت بە سەر ئاراستەی راست و چەپی خوێندنەوەکە.

بەبڕوای منیش دەبێت زیاتر بایەخ بە بیروبۆچوونی ئەم توێژە تازەیە بدرێت واتە ئەکادیمییەکان بە تایبەت بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبەکە لە رێگەی ستانداردکردنی کتێبەکەو خستنە رووی سەرنجی خۆیان لە روانگەی ئەوساو ئێستای هەڵومەرجی سیاسی و بە شێوەیەکی واقیعیانە خوێندنەوەی خۆیان بکەن بە تایبەتیش کە ئێمە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێکەوە ژیان دەرۆین دەبێت وتەیەکی پیرۆزی پێغەمبەر بکەینە دەستور کە دەڵێت «يسر ولا تعسر» واتە ئاسانکاری بکات بۆ گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ یەکتر چ تاک بێت یانیش گروپ، ئەمەش هەمووی لە کوردستان پیادەبێت.